Announcement by Dr Jawad Mella President of the Western Kurdistan Government to the United Press International regarding a way to solve the Kurdish cause in Syria that delighted all the liberation lovers of Kurdistan and distressed the enemies and agents. The following is the announcement as published by Al-Marsad Al-Sury:

"President of Western Kurdistan Government" announces a pact with the United National Assembly lead by Dr Rifaat Al-Asad, the former Deputy President of Syria.

Mella: We agreed to award the right of self-determination to the Kurds of Syria.




The establishment of a Syrian parliament to form a government in exile.

The Kurdish opposition activist Dr Jawad Mella who established the Western Kurdistan Government in Exile on 25/4/2004 announced a new pact with the former Deputy President of Syria Dr Rifaat Al-Asad who leads the United Nation Assembly in order to found a true Syrian opposition and activate its actions. In an interview with the United Press International Mella said: we had two meetings with Dr Rifaat Al-Asad the last one was in the last month in his house in London during which we discussed the broad lines of the pact and we agreed to go back to Syria, we also discussed the ways to solve the problems of the peoples in Syria that have been ignited by the ruling Baathist regime (and added) we presented a number of points and thoughts as a foundation for a stable pact and a real opposition on the basis of our mutual belief that the (deserted former Deputy President of Syria) Abdulhalim Khaddam and the Moslem Brotherhood are not serious in finding any solutions for the Syrians, Arabs or Kurds, because Khaddam was part of the regime itself and one of its founders and also the Brotherhood in my opinion are more chauvinistic and racist than Baath, I think that they are Baathists wearing Islamic cloths and turbans. Mella uncovered that he had agreed with Rifaat Al-Asad that "there is a Kurdish people as well as Arab people in Syria". We also agreed to "award the Kurds in Syria the right of self-determination, and working towards the formation of a Syrian parliament abroad with both main nations Arabs and Kurds to establish a Government in Exile in a later stage".
The Kurdish opposition activist said "at the moment we are working to hold a general conference for all the Syrian opposition activists and movements abroad with the exception of the Salvation Front lead by Khaddam". He anticipated that the conference should be held in London during the coming few weeks. Mella

was asked whether the suggested pact between the Kurdistan National Congress that he declared to contain opposition Kurdish activists and organizations and the United National Assembly was ub response to the opposition Salvation Front established by Khaddam and the leader of Moslem Brotherhood Ali Sadraddine Al-Bianooni and other opposition personalities last year, he answered “our pact is not in response to the Salvation Front but to their activities as opposition in general and their attitude towards the Kurds especially, as they in the Front say that Kurds are our brothers and they have some distinguished Kurdish members with them”. He said “this is a simpleminded talk rejected by the Kurds, had they been sincere in their tendencies the Salvation Front would have announced awarding the Kurds in Syria the right for self-determination”. Mella described accusations against him by some factions of the Syrian opposition that he has separatist tendencies by “not accurate” and regarded their surprise of his pact with a nationalist assembly “illogical”. He said “basically, I demand a Kurdish identity that allows the Kurds to maintain their personality, foundations, traditions and culture, and rule themselves by themselves. Unfortunately, the totalitarian thought of the region and especially of the Baath regime would not allow this identity and would not even allow awarding us the Syrian identity that we have been asking for, for the past 40 years”. Mella added “this denial of the existence of the Kurdish people is leading us to extreme views and because of it we are accused of separatism. In reality it is the regime who caused the situation by isolating, marginalizing and denying the existence of three million Kurds”.

He stressed that “he is asking for the identity of the Kurdish people within the borders of one future Syria” but he admitted “he supports the independence for the Kurds in the present situation of Syria because of their continuous subjection to persecution and oppression”.

He said “if the time comes and there was a situation that guarantees the right of self-determination for the Kurdish people such as in the pact that we have agreed to with Rifaat Al-Asad, and there was a true citizenship and admission of the existence of the Kurdish people as people and not a minority, then we leave out our tendencies (pointing out that the pact with Rifaat Al-Asad) would be finalized after coming to the final agreement in the aftermath of the general conference planned in London. Mella supported the existence of Rifaat Al-Asad among the ranks of the opposition by saying “I as a Syrian Kurdish opposition believe that he is playing a real role as an opposition different from the role of Khaddam, because he has his own political, military and popular strength in Syria and he intends to activate his role inside the Syrian opposition after forming the pact (he indicated that) in later stages he will discuss with Rifaat Al-Asad whether this pact would take the way of national reconciliation with the regime or demanding its fall”.

Al-Marsad Al-Sury

**راگەیاندنی د. جەواد مەلا سەرۆکی حکومەتی رۆژاوای کوردستان بۆ ئاژانسی دەنگوباسی جیهانی ئەمێریکا سەبارەت بە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی کورد لە سوریا کە دڵی ئازادیخوازانی کوردستانی خۆشکرد و چاوی دوژمنان و نۆکەرانی کوێرکرد و ئەمەش دەقی راگەیاندنەکەیە هەروەك لە ئەلەرسەد ئەلسوریدا بلاوکراوەتەوە|**




"سەرۆکی حکومەتی رۆژاوای کوردستان" هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵەی نەتەوەیی یەککگرتوو بە سەرۆکایەتی د. ریفعەت ئەسەد جێگری سەرکۆماری پێشووی سوریا ئاشکرا دەکات

مەلا| رێککەوتین لەسەر بەخشینی مافي دیاریکردنی چارەنووس بە کوردەکانی سوریا پێکهێنانی پەرلەمانێکی سوری لە دەرەوە کە حکومەتێکی هەندەرانی لێ دروست ببێت

بەرهەڵستکاری کورد د. جەواد مەلا کە حکومەتی رۆژاوای کوردستان لە هەندەرانی لە 25-4-2004 دا دامەزراند هاوپەیمانییێکی نوێی ئاشکراکرد لەگەڵ جێگری سەرکۆماری پێشووی سوریا د. ریفعەت ئەسەد کە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نەتەوەیی یەکگرتوو دەکات بەمەبەستی دامەزراندنی بەرهەڵستکارییێکی سوری راستەقینە و چالاککردنی کارەکانی.
لەچاوپێکەتنێکدا لەگەڵ یونایتد پرێس ئینتەرناشناڵ مەلا وتی| دوو کۆبوونەوەمان لەگەڵ د. ریفعەت ئەسەددا بەست کە دواییان لە ماڵی خۆی لەلەندەن بوو کە تیایاندا هێلی پانی هاوپەیمانیەکەمان شیکردەوە و بڕیارمان دا کە بگەڕێینەوە سوریا و باسی رێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتی گەلانی ناو سوریامان کرد کە رژێمی بەعسی دەسەڵاتدار قووڵی کردوونەتەوە و زیاتریش وتی کە کۆمەڵێك خاڵ و بیرۆکەمان پێشکەشکرد تاکو ببنە بناغەی هاوپەیمانییێکی چەسپ و بەرهەڵستکارییێکی راستەقینە لەسەر بڕواییێکی هاوبەشمان کە (جێگری سەرکۆماری پێشووی سوریا) عەبدولحەلیم خەددام و جەماعەتی ئیخوان موسلمین راستگۆ نین لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ خەڵکانی سووریا چ عەرەب و چ کورد چونکە خەددام خۆی بەشێکە لەو رژێمە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی و ئیخوانیش بەرای من لە بەعس شۆڤینی و رەگەزپەرستترن، و وابزانم ئەوان بەعسین بەڵام بە عەبا و مێزەری ئیسلامیەوە. هەروا مەلا ئاشکرای کرد کە لەگەڵ ریفعەت ئەسەددا رێککەوتون کە "لە سوریادا گەلی کورد و گەلی عەرەب هەن" و رێکیش کەوتوون کە "مافي دیاریکردنی چارەنووس بە کوردەکانی سوریا بدرێت و کاربکرێت بۆ دامەزراندنی پەرلەمانێکی سوری لە دەرەوە لەلایەن هەردوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کوردەوە و پاشانیش حکومەتێکی هەندەرانی لێ دروست بکرێت".
بەرهەڵستکاری کورد پاشان وتی "ئێستا کار دەکەین بۆ بەستنی کۆنگرەییێکی گشتی بۆ هەموو چالاك و بزووتنەوە سووریەکانی دەرەوە بێجگە لە بەرەی رزگاری بەسەرۆکایەتی خەددام" ، واش پێشبینی کرد کە ئەو کۆنگرەیە لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا لە لەندەنی پایەتەختی بریتانیا ببەسترێت. لەوەڵامی پرسیارێکیشدا کە ئەگەر ئەم هاوپەیمانیە

پێشنیازکراوەی نێوان کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان کە چالاك و ڕێکخراوی کوردی بەرهەڵستکاری تێدایە و کۆمەڵەی نەتەوەیی یەکگرتوودا وەڵامێك بێت دژی بەرەی ڕزگاری کە خەددام و چاودێری گشتی ئیخوان موسلمین عەلی سەدرەددین بیانونی و چەند بەرهەڵستکارێکی دی ساڵی پار دایان مەزراند، مەلا وەڵامی دایەوە "هاوپەیمانیەکەمان دژی بەرەی ڕزگاری نیە بەڵکو دژی چالاکیە گشتیەکانیانە وە کۆمەڵێکی بەرهەڵستکار و هەڵوێستی خراپیان بەرامبەر بە کورد بەتایبەتی چونکە ئەوان لەو بەرەیەدا دەڵێن کە کورد برای ئێمەیە و لەناویشیاندا چەند ئەندامێکی ناسراو هەن کە کوردن" و وتی "ئەمە وتەییێکی ساویلکەیە و کورد دژیەتی و ئەگەر ئەوان نیازیان باشە با بەخشینی مافي دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردەکانی سوریا ڕابگەیێنن". هەروا مەلا تۆمەتی هەڵگرتنی بیروباوەڕی جیاکاری لەلایەنی بەشەکانی بەرهەڵستکاری سوریاوە ڕەتدایەوە و وتی "تەواو نیە". هەروا سەرسوڕمانی ئەوانی لە هاوپەیمانیەکەی لەگەڵ کۆمەڵێکی نەتەوەپەرستدا بە "نالۆژیکی" لەقەڵەم دا. وتی "من لەبناغەدا داوای شوناسنامەییێکی کوردی دەکەم کە کورد بەپێی ئەوە کەسایەتی و بنەوان و کولتور و نەریت و ڕۆشنبیری خۆی بپارێزێت و خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، بەڵام بیری سەرانسەری بەربلاو لە ناوچەکەدا و بەتایبەت کە بەداخەوە لەلای ڕژێمی بەعس نایەڵێت کە شوناسنامەیێکی وا دروست ببێت و تەنانەت شوناسنامەی سوریش کە ئەوە 40 ساڵە داوای دەکەین بە کورد نادات". " ئەم نکۆڵی کردنە لە بۆونی گەلی کورد بێزارمان دەکات و بەو هۆیەشەوە تاوانبارمان دەکەن کە جیاکارین، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی ئەم بارەی دروستکردوە ڕژێمەکە خۆیەتی کە بەردەوامە لە گۆشەگیر کردنی سێ ملیۆن کورد و چەوسانەوە و ئینکاری بوونیان".

هەروا لەگەڵ ئەوەی کە "داوای شوناسنامەی گەلی کورد لەچوارچێوەی سوریای یەکگرتووی دوارۆژدا دەکات" دانی بەوەدا نا کە ئێستا "داوای سەربەخۆیی کورد لەم بارەی ئێستای سوریادا دەکات بەهۆی بەردەوامی چەوساندنەوە وداپڵۆسان لەسەریان".

وتی "ئەگەر دۆخێك دروست ببێت کە مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد بدات هەروەك لەم هاوپەیمانییەی کەلەسەری ڕێککەوتووین لەگەڵ ریفعەت ئەسەد و هاووڵاتییێکی ڕاستەقینە و دانپێنانی بوونی کورد وەك گەلێك نەك وەك کەمایەتی ئەوسا واز لە نیازەکانمان دەهێنین (دیاریشی کرد کە هاوپەیمانیە پێشنیازکراوەکە لەگەڵ ریفعەت ئەسەددا) بەم زوانە ئاشکرا دەکرێت پاش ڕێککەوتن لەسەر بەیانی کۆتایی دوابەدوای کارەکانی ئەو کۆنگرە گشتیەی کە لە لەندەن بڕیارە بگیرێت. مەلا پاڵپشتی بوونی ریفعەت ئەسەدی لەڕیزی بەرهەڵستکاری سوریادا کرد و وتی ڕۆڵی ئەو ڕۆڵێکی بەرهەڵستکاری ڕاستەقینەیە و جیایە لەوەی خەددام و کێشێکی سیاسی و سەربازی و جەماوەری خۆی لە سوریادا هەیە، و دەیەوێت چالاکی خۆی لە بەرهەڵستکاری سوریادا بەهێزتر بکات پاش ئەو هاوپەیمانیە پێشنیارکراوە و دیاریشی کرد کە لە قۆناغەکانی داهاتودا گفتو گۆ لەگەڵ ریفعەت ئەسەددا دەکەن کە ئایا هاوپەیمانیەکە ڕێگەی ڕێککەوتنی نیشتمانی لەگەڵ ڕژێمدا دەگرێت یان داوای ڕووخاندنی دەکات".

ئەلەرسەد ئەلسوری